# شێخ محەمەدی خاڵ
# پێشەنگی بواری چاکسازی و نوێکردنەوەی بیری ئایینی

**د. ئاراس محەمەد ساڵح**
**(زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)**

بنەماڵەی خاڵ یەکێکن لە بنەماڵە دێرینەکانی شاری سلێمانی لەگەڵ بنیادنانی ئەو شارەدا ئەو بنەماڵە زانستییە دێنە سلێمانی و لەلایەن میرەکانی بابانەوە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینی خاڵیان بۆ دروست کراوە، ئەو مزگەوتە دوو کۆڵەکەی کۆنی تێدا بووە کە کۆڵەکەی مزگەوتی قەڵاچوالان بوون و بۆ ئەو مزگەوتە گواستراونەتەوە، مامۆستای خوێندنگەکەی شێخ ئیسماعیل بووە کە باپیری شێخ ئەمینی خاڵە، حاجی شێخ ئەمین پیاوێکی خواناس و گەورەی شاری سلێمانی بووە، بنەماڵەی خاڵ موریدو خەلیفەی شێخ محەمەد بەهادینەو لە تەریقەتی نەقشبەندی بوون، شێخ ئەمینی خاڵ بەهۆی خواناسی و زوهدەکەیەوە پێگەیەکی گەورەی لای عاریفان هەبووە، لە دوای کۆچی دوایی شێخ ئەمین لەساڵی ١٣٥١کۆچی، کوڕەزاکەی شێخ محەمەدی خاڵ دەبێتە جێنشینی لە مزگەوتەکەیداو نوێژەنی دەکاتەوە.

شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمینی خاڵە، ئەم زانا بەهرەمەندە لە ساڵی ١٩٠٤ز، لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایک بووە، بنەماڵەکەیان خاوەنی نزیکەی پێنج سەدە خزمەتی ئایین و زانست بوون و بنەچەیان دەچێتەوە سەر زانای گەورە (مەلا ئەبووبەکری موصەنیف)، ئەم خێزانە زانستپەروەرە یەکێکە لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی و لەگەڵ گواستنەوەی میرایەتی بابان لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی هاتوونەتە ئەو شارەوە(١)، هەرچەندە شێخی خاڵ لە بنەماڵەیەکی ئایینی تەصەوفی پارێزگار لەدایک بووە، بەڵام بەهۆی شاری بوونی بنەماڵەکەیانەوە شێخی خاڵ دەتوانێت لەگەڵ بیری نوێدا هەڵبکات و سنووری خێزانەکەی تێپەڕێنێت.

سەرەتای خوێندنی لای باپیری شێخ ئەمینی خاڵ دەست پێدەکات، پاشان بەپێی باوی ئەو سەردەمە بەدوای تەواوکردنی خوێندندا گەڕاوەو لای زانایانی گەورە شێخ جەلالی قەرەداغی و شێخ عومەری قەرەداغی و مەلا حسێنی پیسکەندی خوێندوویەتی، لە کۆتاییدا لای زانای پایەبەرز شێخ عومەری قەرەداغی ئیجازەی زانستی وەرگرتووە، لەدوای وەرگرتنی ئیجازەی زانستی، شێخی خاڵ بەهۆی کێشەیەکی تایبەتییەوە ڕوودەکاتە شاری کۆیەو دەچێتە مزگەوت و حوجرەی مەلای گەورەی کۆیە، لەبەر ئەوە هەندێ دەڵێن کە گوایە لای مەلای گەورە ئیجازەی وەرگرتووە، پێدەچێت شێخی خاڵ دوای چوونی بۆ کۆیە بۆ جاری دووەم لای ئەو زانا گەورەیەش ئیجازەی وەرگرتبێ، بەڵام چوونی بۆ کۆیەو تێکەڵاوبوونی لەگەڵ بیروئەندێشەی مەلای گەورەدا گۆڕانی گەورە لە بیر و دنیابینی خاڵدا دروست دەبێت، هەر لای مەلای کۆیە دەکەوێتە ناو بیری قوتابخانەی چاکسازی جەمالەددینی



**شێخ محەممەدی خاڵ**

ئەفغانی و شێخ محەممەد عەبدەوە.

خاڵ لە ساڵی ١٩٣٩ دەبێتە قازی و لە زۆر جێگای وەک سلێمانی و هەڵەبجە و چەمچەماڵ و مووسڵ و بەغدا قازی بووە، ماوەی بیست و هەشت ساڵ لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە، هەر بەهۆی سەرقاڵبوونی بە قازیەتییەوە تا ڕادەیەک لەبواری نووسین و هەوڵە چاکسازییەکانی کە زیاتر لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە هەوڵی بۆ دەدا، دوور دەکەوێتەوە، لە ساڵی ١٩٦٧ خۆی خانەنشین دەکات و بە یەکجاری واز لە کاری ڕەسمی دەهێنێ و خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان دەکات.

لەکاتی دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا، دەلاقەیەکی گەورە بۆ خاڵ دەکرێتەوە، لەسەر ڕووپەڕەکانی ئەو گۆڤارە و لە ڕێگەی تەفسیری قورئانەوە، زیاتر پرۆژە چاکسازییەکەی بڵاودەکاتەوە، لە هەر ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەدا تەفسیری ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بەبیرێکی نوێ و زیاتر لەژێر کاریگەری قوتابخانەی چاکسازی و تەفسیری (المنار)دا بڵاودەکاتەوە، خاڵ لەو نووسینانەیدا زیاتر جەخت لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ تەفسیری ئایەتەکاندا جۆشی دەدات و پەنجە دەخاتە سەر دەرد و ئێشوئازارەکانی کۆمەڵگەو لەبەر ڕووناکی قورئاندا چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە(٢).

ئەم هەنگاوەی خاڵ لەبواری تەفسیری گوتاری ڕۆژنامەنووسیدا (التفسير المقالي) یەکێکی ترە لە هەنگاوە تازەو نوێخوازەکانی خاڵ، لە دوای محەمەد ڕەشید ڕەزا لە گۆڤاری (المنار)دا، شێخی خاڵ لەسەر هەمان ڕێبازی قوتابخانەی چاکسازی ئیسلامی یەکەم کەسە کە تەفسیری گوتاری ڕۆژنامەنووسی بە کوردی نووسیوە، لە دوای ئەوان ئەو شێوازە لە جیهانی ئیسلامیدا وردە وردە گەشەی کرد، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئێزگەو تەلەڤزیۆنەکان زیاتر دەرکەوت، ئەوەی لە ڕادیۆوە پەخش دەکرا بە تەفسیری ئێزگەیی (التفسير الاذاعي)یش ناو دەبرێت(٣).

لەکاری ڕووناکبیری و ڕێکخراوەییدا لە ساڵی ١٩٥٤ دەبێتە ئەندامی کۆڕی زانیاری عیراقی، لە ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد، هەر لە هەمان ساڵدا دەبێتە سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە جێگری دووەمی سەرۆکی کۆڕی زانیاری عیراقی، لە ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە ئەندامی کۆڕی زمانی عەرەبی ئوردنی، خاڵ لەکاری ڕووناکبیری و دانانی کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی هەتا دواساتەکانی تەمەنی بەردەوام بووە تا لە ڕۆژی ١٥/٧/ ١٩٨٩ دوا ماڵئاوایی لە ژیان کرد و لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بەخاک سپێررا.

## کۆسپەکانی بەردەم هەوڵە چاکسازی و نوێخوازەکانی خاڵ

شێخی خاڵ دەستپێکی هەوڵی چاکسازیخوازی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی نێو ژینگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستانە، بێ گومان کەسایەتییەکی ئایینی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بیەوێت کۆمەڵێک چاکسازی و گۆڕان و نوێکردنەوە بکات لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگەی کوردی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کۆسپ و بەربەست دەبێتەوە، لە بەرچاوترینی ئەو بەربەست و کۆسپانە:

**یەکەم:** بنەماڵەی خاڵ: خاڵ لە بنەماڵەیەکی شێخی ئایینی پارێزگار لەدایک بووە، بنەماڵەکەیان بنەماڵەیەکی ئایینی خاوەن مزگەوت و حوجرە بووە، لە ڕووی تەصەوفەوە سەر بەتەریقەتی نەقشبەندی بوون، هەموو ئەمانەیش جۆرێک لە ڕێگری بوون کەسایەتییەکی ئایینی وەک خاڵ هەتا بتوانێت بەئاشکرا ڕێبازێکی نوێی

ئایینی نوێ لەدەرەوەی ئەو مێـژووە دووروودرێژەی بنەماڵەکـەی ڕابگەیەنێت و بەگـژ هەندێ دابونەریتی بنەماڵەکەیدا بچێتەوەو داوای گۆڕان بکات، هەروەها بوونی خاڵ لە شێـخە شارێکی وەک سلێمـانیـداو باڵادەستیی شێخانی بەرزنجی قادری و بوونی کێشەی لە مێژینەی قادری و نەقشبەندی لەسەردەمی مەولانا خالید و شێخ مـارفی نۆدێیـداو مـانەوەی کـاریگەری ئەو ناکۆکییانە هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕەنگە کـاریگەرییـان لەسـەر ئەندێشـەو بیـرکـردنەوەی خـاڵ هەبووبێت، هەمـوو ئەمانە ئەو کۆسپانە بوون کـە خاڵ حسێبی وردی بۆ کردوون، بۆیە بەئاشکرا پرۆژە چاکسازی و نوێخوازەکەی ڕاناگەیەنێت و زۆر بەهێمنی و لە ڕێگەی نووسین و کاری ڕووناکبیرییەوە کاری بۆ دەکات، بێجگە لەوەیش کـە خـاڵ بڕوای بە ڕێبـازی چاکـسـازی پەلەو لەسەرەوە بۆ خوارەوە نەبووە.

**دووەم:** وەزیفـەو قـازییـەتی: خـاڵ لە سـاڵی ١٩٣٩ دەبێتە قازی و ماوەی بیست و هەشت ساڵ لەو کارەدا دەمێنێتەوە، بێ گومان دەوامی ڕەسمی و سەرقاڵ بوونی بە دادوەرییـەوە کـاتێکی زۆری لێدەگرێت، ئەمـەیش وا دەکات کە لە کارە ڕووناکبیری و چاکسازییەکانی دوور بکەوێتەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە بزاڤی ڕووناکبیری و دەرکەوتنی توێژی ڕۆشنبیری کورد لە هەڵکشاندا بووە، هەر لەو ساڵانەدا بزاڤی سیاسی و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دەست پێدەکات، ئەگەر خاڵ لەو ماوەیەدا، واتە لە چلەکـان و پەنجاکـان و شەسـتـەکـانی سەدەی ڕابردوو لە بواری ڕووناکـبیـری دوور نەکـەوتایەتەوەو لەو مـاوەیەدا خۆی تەرخـان بکردایە بۆ بواری نووسین و ڕووناکـبیـری کـاری گەورەی ئەنجام دەدا، لە هەمـان کـاتدا کـاریگەری گەورەی دەبوو لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و چینی خوێندەوار و دەستەبژێری کوردی بەتایبەتی.

**سێیـەم:** داخراوی ناوەندە ئایینییـەکـە: ئەو ناوەندە ئایینیـیـەی شـێـخی خـاڵ دەیەوێت چاکـسـازی و نوێبـوونەوەی تێـدا بکات لەسـەردەمـەکـەی خـۆی زۆر پارێزگـار و داخـراو و دابڕاو بـووە، بەڵکو درێژکـراوەی هەمـان مـەنهـەج و بۆچوون و خـوێندنەوەی سـەدەکـانی پێشوو بوو بۆ ئایین و پێشهـاتەکانی سەدەی نوێ، زۆر ترسی لە هەمـوو شتێکی تازە هەبووە و نەیدەویست لە قـۆزاخـەی خـۆی بێتـەدەرەوە، ئەو دەنگانەی وەک خـاڵ درکی بە پێـویستی گـۆڕان و نوێبـوونەوەیان کـردبوو زۆر کـەم بوون ئەگـەر نەڵێین هەر نەبوون، لەم کـاتەدا کەسایەتییەکی ئایینی بیەوێت لەو ناوەندەدا کار بکات زۆر زەحمەتەو زۆر کۆسپ و تەگەرەو گێچەڵی بۆ دروست دەکـرێت، شـێـخی خـاڵ دەربارەی ئەو ڕەوشـە لە نووسینێکیدا دەڵێ: سەیر لەوەدایە ئەگەر دڵسۆزێک لەم ڕووەوە قـسـەیەک بکات، یان داخـێکی دڵـی خـۆی دەرببـڕێت لە هەمـوو لایەکـەوە دەبێت بە بۆڵەو خـوتەو دەست بەدەستـدا دان و دەڵێن (لاحول ولا قوة إلا بالله) وەک ویستبێتـت بناغـەی ئایین لە بنەوە دەربێنێ، ئەم جۆرە کەسانە لە منداڵ نەفامترن، جارێ بێجگە لەوەی کە خـۆیان ناناسن، لە قـسـەش ناگـەن و دەرمـان بەدەرد دادەنێن. زۆر کـەس لە مـوسڵـمـانانی ئەمڕۆ دەبینم هەر بەناو مـوسڵـمـانن، ئەوەی ئەوان لەسـەرین زۆر دوورە لە ئایینی ئیسلام و فـەرمـوودەی قـورئان، بە جۆرێک کـە گوفتار و کردارمان بووە بە لەکە بۆ داوێنی ئیسلامەتی. ئەگەر ڕاستت دەوێ پێویستە دواندەری سەر دوانگەکەکان و ئامـۆژگـار (واعظ)ی مزگـەوتەکـان هەمـوو خوێندنی زانســتـگـایەکی بەرزی وەک ئەزهەریـان ببـێت و بڕوانامـەیەکی بەرزیان بەدەستـەوە بێت لە ئامـۆژگـاری و دواندا، ئەو کـاتە هەمـوو کـەسـێک خـۆراکی گـیـان وەردەگرێت و ڕۆژ بەڕۆژ بیروباوەڕی زیادی دەکرد و بەهێز دەبوو(٤).

**چوارەم:** نەبوونی چاپخانەو لاوازیی هۆیەکانی گەیاندن و بڵاوکـردنەوە: نەبوونی وەک پێـویست، یان کـەمی دامـودەزگـای زانسـتی و ڕۆشنبـیـری و چاپخانە یەکێک بووە لە کـۆسـپـەکـانی بەردەم پرۆژە چاکـسـازی و نوێخوازەکەی شێخی خاڵ، خاڵ بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پەنای بۆ ڕێگای نووسین و ڕێگاچارەی ڕووناکـبـیـری بردووە، ئەمـەیش پێویستی بەدامودەزگای ڕۆشنبیـری و چاپخانەو هۆیەکانی بڵاوکردنەوە هەیە، لە سییەکـان و چلەکـانی سەدەی ڕابردوو لە کـوردسـتـان و سلێـمـانیـدا چاپخـانەی پێـشکەوتوو نەبووەو هەر ئەوەیش بۆخـۆی کۆسپی گەورە بووە لەگەیاندنی هەر هەوڵ و هەنگاوێکی ڕووناکبیـری، خاڵ لە نووسینێکدا ئاماژە بەو کێشـەیە دەکـات و دەڵێ: لە سـاڵی ١٩٣٥ تەفـسـیـری جـزمی (عم)ـەم لە چاپ دەدا لە چاپخانەی ژین و پێشەکی ٢٠ دینارم دابوو بە پیـرەمـێـرد پیـتی تازەی پێ بکڕێ و بڕیارمـان دابوو کە بە مـانگ و نیوێک بۆم چاپ بکات، بەڵام ئەو مـانگ و نیـوە بوو بە پێنج- شـەش مـانگ، منیش هەر ڕۆژ ناڕۆژێک کاغەزێکم دەکردە سەر، ئەویش هەر جـارە بە جـۆرێک وەڵامی دەدامـەوە و هەر سـاتەی

بیانوویەکی بۆ دەهێنامەوە. (٥)

هەر لەبارەی نەبوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەبەردەم پرۆژە نوێخوازییەکەی خالّدا، مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم دەڵێ: بەڵام کلۆڵیی کارەکەی خاڵ لەوەدا بوو وڵات هیچ هۆیەکی ئەوتۆی ڕاگەیاندنی تێدا نەبوو، نە ڕۆژنامەو نە گۆڤارێ کە ئامادەبێ هاوکاری لەگەڵدا بکا، بەڵکو نە ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دژیش، نە چاپخانەیەکی ئەوتۆیش هەبوو بتوانێ بە دەست و بردەوە بەرهەمی بۆ لە چاپ بدا. هەبوو نەبوو ڕۆژنامە سێ چوار لاپەڕەییە بچووکە یەک لەدوا یەکەکانی پیرەمێرد بوون کە هەفتەی جارێ دەردەچوون و بەشی بەرهەمەکانی خودی ئەویان نەدەکرد! چاپخانەکەیشی لە ڕۆژنامەکانی بێ دەسەڵاتتر، بە هەزار یا ئەڵڵاو یا پێغەمبەر مانگی چەند سەعاتێ کاتی لە پێویستی ڕۆژنامەکە زیاتری دەبوو تا بەچەند مانگێ بتوانێ فۆرمەیەک لە چاپ بدا، بۆیە بە درێژایی چەند ساڵ لە تەفسیرێکی جزمی عەممەی قورئان و مەولوودنامەیەکی نەوئەسەری پێغەمبەری زیاتر بۆ لەچاپ نەدرا بۆ شێخی خاڵ(٦).

**پێنجەم:** سەرهەڵدانی بیری نوێ: هەرچەندە خاڵ هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی دایە پرۆژە چاکسازی و نوێخوازەکەی، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا بەهۆی کۆمەڵێک کۆسپەوە ئەو هەوڵانە دواکەوتن، بەتایبەتی نووسین و بڵاوکردنەوەی تەفسیری خاڵ، کە گرنگترین پرۆژەی ئایینی نوێخوازی و چاکسازی خاڵ بوو، دەیویست لە ڕێگەی تەفسیری قورئانەوە نوێکردنەوە لە ڕەوشی کوردستاندا بکات و لەوێوە پرۆژە چاکسازییەکەی بڵاوبکاتەوە، ئەویش بە ئامانجی هێنانە پێشەوەی ڕەوشی ئایینی کوردستان بۆ ئاستی سەردەم، لە هەمان کاتدا گوتارێکی ئیسلامی هاوچەرخ پێشکەش بە توێژی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد بکات و بڵێت ئەم ئیسلامە لە ڕووی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لەباریدایە سەرجەم کێشەکان چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی لە ئیسلام دوور نەکەونەوە و پەنا بۆ بیروباوەڕی تر نەبەن، چونکە بە بۆچوونی خاڵ دوورکەوتنەوەی ڕووناکبیری کورد لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەهۆی پاشکەوتوویی گوتاری ئیسلامی و داخراوی و دواکەوتوویی واعیزەکانەوەیە، وەک لە نووسینێکیدا سکاڵا لەدەست ئەو گوتارە پاشکەوتووە دەکات و دەڵێ: ئەو گوتارانەی دەدرێ بە گوێچکەی موسڵمانانا بەشی زۆری پڕوپووچ و درۆ و دەلەسەن، کە وەک ژەهری مار وایە بۆ بیروباوەڕی موسڵمانان، هەر لەبەر ئەوەیە ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆڵەو جگەرگۆشەی موسڵمانان بیروباوەڕیان تێک ئەچێت و لە دین دوور ئەکەونەوە(٧).

شێخی خاڵ لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، توانی تەنیا شەش جزمی تەفسیرەکەی چاپ و بڵاو بکاتەوە، ئەو کاتە ڕووناکبیری کورد لەناو شەپۆلی بیروباوەڕی چەپ و عەلمانیدا نقوم بووبوو، واتە پێش پرۆژە چاکسازییەکەی خاڵ کەوتبوون(٨)، هەرچەندە خاڵ زیاتر هیوای بە ڕۆشنبیرانەو زیاتر ڕووی لەوانە، کەمتر ڕوو دەکاتە ناوەندە ئایینییەکەو پیاوانی ئایینی و زۆر هیوای پێیان نییە، لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیرانیش نابنە هۆی هێنانەدی هیواکانی خاڵ و لەو هەڵبژاردنەدا خاڵ سەرکەوتوو نابێت.

**شەشەم:** نائارامی سیاسی و جەنگ لەناوچەکەدا: بەدرێژایی تەمەنی شێخی خاڵ، کوردستان و ناوچەی سلێمانی بەتایبەت نائارام بووە، هەر لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کە شێخی خاڵ دەستی دابووە پرۆژە ڕووناکبیری و چاکسازییەکەی کوردستانی باشوور لە بارێکی جەنگ و شەڕوشۆڕی بەردەوامدا بووە، بەهۆی هەڵایسانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و پەلاماردانی لەلایەن حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقەوە، هەموو ئەو نائارامی و شەڕ و ماڵوێرانییەی ناوچەکەی گرتبووەوە وا دەکات هیچ پرۆژەیەکی ڕووناکبیری چاکسازی نەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی هەنگاو بنێت و بچێتە پێشەوە، خاڵ لە نووسینێکیدا ئاماژە بەو بارودۆخە دەکات، دەڵێ: لەم چەند ساڵەی دواییدا ناوچەکەمان تێک چوو، زۆر و ستەم و دەست درێژیی تێدا گەیشت بە ئەندازەیەک کە کەس بە تەمای سەرو ماڵی خۆی نەما، هەموو کەسێک وەک کەڵەشێری لۆقەنتە هەمیشە چاوەڕوانی دەستێکی چەپەڵە کە چەقۆیەک بەملیا بێنێ، لەبەر ئەوە هەرچی دەرگای هیوا بوو هەمووی داخرا، هەرچی ڕووناکی بوو کوژایەوە، تەنیا قاپی لای خوا نەبێ، هەموو کەسێک پەرێشانی و ترس و بیمی گەیشت بە ئەندازەیەک هەمیشە دڵی لێی ئەدا(٩).

هەروەها خاڵ لە نووسینێکی تریدا لەسەرناوی (چ ڕۆژێکی ڕەش بوو) کە مەبەستی ١٣ی حوزەیرانی **١٩٦٣**ـە، باسی ئەو ڕەشبگیر و ڕەشەکوژییە دەکات کە بەعسییەکان لە سلێمانیدا ئەنجامیان دا، باس لەو ڕەشەکوژی و ترس و تۆقاندنە دەکات کە ڕووی لە

سلێمانی کردبوو(١٠)، لە هەمان کاتدا بەعسییەکان لە ڕۆژێکەوە لە عیراقدا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست زۆر دژی چینی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیران بوون، لەهەر ماڵێکدا کتێب و کتێبخانەیان ببینیایە نیشانەی پرسیاریان لەسەر دادەناو زۆر کەسیش بەو هۆیەوە تووشی گرتن و زیندانی و لەسێدارەدان بوون، لەژینگەیەکی بەو شێوەیەدا کاری چاکسازی و گۆڕان زۆر زەحمەتەو کەم کەس دەتوانێت خۆی لەقەرەی ئەو حاڵەتە بدات.

لەبارو دۆخێکی ئاوەها نائارام و پڕ لەشەڕ و شۆڕ و دژواردا زۆر زەحمەتە پرۆژەی چاکسازی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەرکەوتوو بێت و بەشێوەیەکی سروشتی بڕواتە پێشەوە، چونکە هەموو هەنگاوێکی چاکسازی و ڕووناکبیری پێویستی بە بارودۆخێکی گونجاو و ئارامە هەتا بتوانێت سەرکەوتوو بێت و بەشێوەیەکی سروشتی هەنگاو بنێت.

## ڕێبازی شێخ محەممەدی خاڵ لە کاری چاکسازی و نوێخوازیدا

خاڵ بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و نوێکردنەوەی بیری ئایینی ڕێبازی ڕووناکبیری و فێرکردن و هۆشیار کردنەوە دەگرێتەبەر، هەر لەبەر ئەمەیە بەهیچ جۆرێک لە کاری سیاسی نزیک نابێتەوە، ڕێبازی ڕووناکبیری وەک ڕێگایەک بۆ چاکسازی کۆمەڵگاو هۆشیارکردنەوەی بەرەو سەربەخۆیی لە وڵاتانی ئەوروپاوە سەری هەڵدا، ئەم بزاڤە ڕووناکبیرییە لە وڵاتانی ئەوروپاوە دەست پێدەکات، لە کۆتایی سەدەی حەڤدەو سەرەتای سەدەی هەژدەی زایینیدا لەسەر دەستی زانایانی وەک (جۆن لۆک، جان جاک ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر، کانت، مۆنتسکیۆ و دیدرۆ و گۆڵباخ) کۆمەڵێک زاناو بیرباری دژ بە سیستمی دەرەبەگایەتی دەستی پێکرد، دوای ئەوروپا ئەو تەوژمە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە، ڕووناکبیران و ڕووناکیخواز و عیرفانییەکانی ئەوسای ئەوروپا پێیان وابوو لە مێشک و عەقڵ و هۆش بەولاوە شتێکی تر نییە توانایی لێکدانەوەی پێوەندی و دیاریدەکانی ناو کۆمەڵ و سروشتی لەباردا بێ، دەیانگوت جڵەوی هەموو کار و ڕەفتارێک وا بەدەست عەقڵەوە، هەر لەبەر ئەوە زۆرجار بە سەدەی هەژدەی ئەوروپا دەگوترێ (چەرخی هۆش و عەقڵ- العقلانية).

بۆ ئەوەی عەقڵ دەوری تەواوی خۆی لە ژیاندا ببینێ و ڕەوڕەوەی کۆمەڵ و مێژوو بە ڕێکوپێکی بەرەو پێش بڕوات تا ڕۆژگارێکی ئەوتۆ بێتە ئاراوە کەس تێیدا دەستدرێژی نەکاتە سەر ئازادی و ماڵ و موڵکی کەس، ئەوە پێویستە ئەوپەڕی بایەخ بدرێتە پەروەردەو گۆشکردنی خودی عەقڵ خۆی. لێرەدا خوێندن دەتوانێ دەورێکی سەرەکی بێ هاوتا ببینێ و خوێندەواری دەبێتە ئەو دەرمانە تەلیسماوییەی لەباریدایە گشت برینەکانی کۆمەڵ و نیشتمان سارێژ بکات، کۆمەڵی خوێندەوار بەلای ڕووناکیخوازانەوە کۆمەڵێکی عاقڵەو بە عەقڵ کێشەکانی خۆی چارەسەر دەکات، بۆیە هەمیشە بەرەو پێش دەڕوات(١١).

سەرەتای بیری ڕووناکبیری لە تورکیاو ئیستەنبوڵەوە دەگاتە کوردستان و بنەماڵەی بەدرخانییەکان ڕۆڵی گەورەیان لە گەیاندنی تەوژمی ڕووناکبیری بۆ کوردستان بینیوە، لە سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست بیری ڕووناکبیری ڕۆژئاوا گەیشتە ڕۆژهەڵات و شاری ئیستەنبوڵ کە لەو کاتەدا گرنگترین شاری فەرهەنگی بوو سەدان خوێندەوار و ڕۆشنبیری تێدا کۆبووەوەو ژمارەیەکی بەرچاو کوردی تێدا بوو، ئەو کوردانەی لەبەشەکانی تری کوردستانەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئیستەنبوڵ ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان بینی لە گواستنەوەی ڕووناکبیری و دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار و کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن و دروستکردنی ڕێکخراو دەستەی جیاواز، هەموو ئەمانە دەکرێت بەسەرەتای بزاڤی ڕووناکبیری و بووژانەوەی کورد دابنرێت.

کەسێکی وەک حاجی قادری کۆیی کە دەتوانین بڵێین هەر لە کۆیەوە پێش کۆچکردنی بۆ ئیستەنبوڵ بیری نیشتمانپەروەری و نوێخوازی هەبووە، دوای چوونی بۆ ئیستەنبوڵ و تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەی ئیستەنبوڵ و بنەماڵەی بەدرخانییەکان، گۆڕانی گەورە بەسەر بۆچوون و دنیابینیدا دێت، هەر لەوێوە بانگی ڕووناکبیری و نوێخوازی و نیشتمانپەروەری لێ دەدا، شیعرەکانی حاجی قادر سەرەتای بیری نوێبوونەوەی بیری کورد و گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری فرە پێشکەوتووترە(١٢).

شێخ محەممەدی خاڵیش وەک درێژکراوەی قوتابخانەی چاکسازی جەمالەددین و شێخ محەمەد عەبدە هەمان ڕێبازی ڕووناکبیری دەگرێتەبەر، هەموو توانایییەکانی خۆی لەو بوارەدا دەخاتەگەڕ و بەدوای ڕێگای تردا ناگەڕێت، زۆر بە هێمنانە دوور لە پەلەپەلە و کاری هەڵەشە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و ناواخنی

کتێبەکانیدا بیروبۆچوونە چاکسازی و نوێخوازەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە، خاڵ زانیویەتی کە ئەو ڕێبازەی ئەو هەڵیبژاردووە کاتێکی زۆری دەوێت هەتا دێتە بەرهەم و کاریگەری دەبێت، بۆیە زۆر لەسەرخۆیانە هەنگاوی ناوە.

### هەوڵە نوێخوازەکانی شێخ محەمەدی خاڵ

**یەکەم:** نوێکردنەوەی گوتاری ئیسلامی: نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا یەکێک بووە لە پرسە زەرووەرەکانی ناوەندی ئایینی کوردستان، لەبەر کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن و سەرهەڵدانی توێژی ڕووناکبیری کوردی و هاتنەناوەوەی چاپخانە و ڕۆژنامە و گۆڤار و هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگە هەتا ئاستێکی باش، هەروەها سەرهەڵدانی بزاڤی سیاسی ڕزگاریخوازی کورد.

لەم کاتەدا خوێندن و گوتاری ئایینی هەر لەسەر شێوازە کۆنەکەی بەردەوام بوو، چینی پارێزگار و دابڕاو لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم نەیاندەویست هیچ تازەبوونەوەیەک بێتە ئاراوەو دژایەتی هەموو هەوڵێکی نوێخوازیان دەکرد، لەو دەمەدا شێخ محەمەدی خاڵ لە ژێر کاریگەری بۆچوون و بیری قوتابخانەی چاکسازی جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەدا دەکەوێتە هەوڵی چاکسازی ئایینی و بۆ ئەو مەبەستە قەڵەمە بە پێزەکەی دەخاتەکار.

شێخ محەمەدی خاڵ یەکەمین کەس بوو لە ساڵەکانی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ناوچەی سلێمانی و هەموو کوردستانی خوارووودا کەوتە تەقەللای بڵاوکردنەوەی بیری نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی، سەرچاوەو مەنهەجی لەم مەیدانەدا بەرهەمەکانی سەید جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەو شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزا بوو.

گوتاری ئایینی لەو سەردەمەدا لە ئاستێکی زۆر لاواز و پاشکەوتوودا بووە، زیاتر لە دەوری هەندێ شتی بێ مانای بێ سوود سووڕاوەتەوەو هەندێ چیرۆکی خورافی و ئیسرائیلیات شتێکی تری پێنەبووە هەتا بیدا بەگوێی موسڵمانانیدا، شاعیرێکی وەک بێکەس کە خوێنەوارێکی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو بووە، بێزاری خۆی لەو گوتارە دەردەبڕێت و وێنایەکی کورتی دەکات و دەڵێ:

**خوتبەیەکی ئیجتیماعیم پێ بڵێ بۆ ڕێی حەیات**
**ئەی مەلا توبی و خوا لەو فکرە کۆنە لابدە**
**فەنی تازەم پێ نیشان دە بۆ تەرەقی و ڕێی نەجات**
**باسی قەبر و مار بگۆڕە وەرە سەر باسی وەتەن(١٣).**

ئەو وێنایەی بێکەس بۆ گوتاری ئایینی ئەو سەردەمەی دەکات، ئاماژەیە بە پاشکەوتوویی و ناهۆشیاری واعیزەکان، بێکەس نایەوێت دژایەتی ئایین بکات وەک هەندێ بۆی دەچن، ئەو داوا دەکات دین و گوتاری ئایینی لە کۆمەڵە چیرۆکێکی خورافی مار و مردنەوە بێتە سەر باسی خەمەکانی نیشتمان و میللەت، چونکە ئیسلام ئایینی ئاوەدانکردنەوەی ژیان و دنیا و نیشتمانەو لەباریدایە ئەو لایەنانەیش ڕاست بکاتەوە.

قانعی شاعیریش کە شاعیرێکی میللی و پیاوێکی ئایینیش بووەو زۆر خەمی نیشتمان و گەلەکەی هەڵگرتووە، هەموو کات بەدوای تروسکەی ڕزگاری و پێشکەوتنی میللەتەکەیدا وێڵ بووە، زۆر هیوای بەکەسایەتییەکی وەک شێخ محەمەدی خاڵ بووە کە گۆڕانێک لەو دۆخەدا بکات، ئاگاداری ئەوەیش بووە کە خاڵ لەسەر ڕێبازی جەمالەددین و شێخ محەمەد عەبدە خەریکی نوێکردنەوەی گوتاری ئایینییە وەک دەڵێ:

نامەیەک بۆ شێخ محەمەدی خاڵ

**فیدای خاکی بەری پێت بم، زیابەخشی دڵ و دینم**
**بناغەی مەنبەعی عەقڵ و ئەساسی عیز و تەمکینم**
**سەداقەت عەرز ئەکەم قوربان، ڕیا وەصفێکی مەجزومە**
**لەشەوقی ئارەزووی وەسڵت، خەریکی عەدی پەروینم**

هەتا دەگاتە:

**کە من مەقبول و مەنزولی حزووری حاجی شێخ زادەم**
**محەمەد عەبدەم و شاگرد جەمالی دین و ئایینم(١٤).**

قانعیش وەک خوێنەوارێکی ئەو سەردەمە هیوای بە شێخی خاڵ هەبووە بتوانێت گۆمی مەنگ و وەستاوی ئایینداری کوردستان نوێ بکاتەوە و گیانێکی بەبەردا بکات، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە تێز و نووسینەکانی محەمەد عەبدەو جەمالەددینی ئەفغانی کە دوو ڕابەری بیری نوێکردنەوەی ئایینی و چاکسازیخوازی جیهانی ئیسلامی و مێژووی هاوچەرخن.

پیرەمێردی شاعیریش وەک دۆستێکی خاڵ و خاوەنی چاپخانە و ڕۆژنامە، لەکاتی چوونی خاڵ بۆ چەمچەماڵ زۆری پێ ناخۆش بووە کاری میریی وەرگرتووە، لەو بارەیەوە سێ پارچە شیعری بۆ دەنووسێ و داوای لێ دەکات کە لە مزگەوتەکەی حاجی شێخ ئەمینی باپیری بمایەتەوەو لەسەر پرۆژە ڕۆشنبیرییەکەی بەردەوام بوایە باشتربوو، نەدەبوو ببێتە قازی و لە شارەکەی دوور

بکەویتەوە، وەک دەڵێ:

**بۆ ئەو دانایەی وا لە چەمچەماڵ**

**هەر ئەو تێئەگا، لەقاڵ و حاڵ.**

هەتا دەگاتە:

**دوو قافیەمان لێ بوو بە دوو باڵ**

**خاڵ و چەمچەماڵ بە درێژایی ساڵ**(١٥).

مامۆستای خاڵ بە پشتیوانی بەهرەی زیرەکیی خۆی و بەو پایە کۆمەڵایەتییەی لەم شارەدا هەیبوو، وەک مەلایەک و وەک کوڕەزایەکی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ کە خۆی شێخی تەریقەت و خەلیفەی شێخ بەهائەددینی تەوێڵە بووە، بە چالاکی و خوێن گەرمییەکی گەنجانەو گیان لەسەر دەست لەسەردەمی نوێی ڕاپەڕینی ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی وەرگرتووەو کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرە(١٦).

شێخی خاڵ هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی کردووە بە چاکسازی گوتاری ئایینی و لە ساڵی لە ١٩٣٦دا کاتێک لەگەڵ پیرەمێردی شاعیردا دەیانەوێت ئاهەنگێکی مەولوودنامە ڕێک بخەن، کاتێک سەیر دەکەن کە هیچ مەولوودنامەیەک نییە، بێجگە لە مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی و ئەویش ١٥٠ساڵە نووسراوەو بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێ، هەرچەند خەڵکە تەقلیدییەکە دەیانخوێندەوە، لەو کاتەدا خاڵ بەو گوتارە ڕازی نابێت و خۆی مەولوودنامەیەک دەنووسێت کە لە ئاستی سەردەمەکەدا بێت، لە هەمان کاتدا دوور بێت لە شتی ناڕاست و ئەفسانەو لەو بارەیەوە دەڵێ: لە ساڵی ١٣٥٨ک-١٩٣٦ز، کە خوالێخۆشبوو پیرەمێرد سەرۆکی زانستی بوو، ویستی مەولوودێک بخوێنێتەوە لە زانستی، لەو کاتەشدا لە مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی زیاتر- کە سەد و پەنجاڵ بوو نووسرابوو- هیچی تر نەبوو، کە ئەویش زۆری قسەی پڕوپووچن، شیعرەکانیش عەرەبین، ناچار پیرەمێرد داوای لێ کردم کە مەولوودنامەیەک بنووسم، منیش هاتم لە مێژووی پێغەمبەر کورتەیەکم دەرهێنا، لەو باسانەی کە بین بەسەرمەشق بۆ هەموو کەسێک و بۆ هەموو گەلێک(١٧).

خاڵ لێرەدا بەڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات کە ئیتر کاتی ئەوە بەسەرچووە بەناوی مەولوودنامەوە شتی پڕوپووچ بدرێ بەگوێی خەڵکیداو لێیان بکرێت بەدین، هەر تەنیا بە ڕەخنەگرتن لەو گوتارە واز ناهێنێ، بەڵکو خۆی دێت بەدیلێک بۆ ئەو مەبەستە دادەنێت، بەناوی مەولوودنامەوە گوڵبژێرێک لە ژیانی پێغەمبەر دەکات، لە ساڵی ١٩٣٧ز چاپ و بڵاودەبێتەوەو بەو هەنگاوەیشی خاڵ تا ئاستێکی باش تازەگەرییەک لە گوتاری ئایینیدا دەکات.

خاڵ لە نووسینێکی تریدا ڕەخنە لە گوتاری ئایینی دەگرێت و دەڵێ: ئەگەر ئێمە ورد بینەوە، دەبینین زۆر لە دوانی سەر دوانگە (منبر)ەکانی ڕۆژانی هەینی! و ئامۆژگاری مزگەوتەکان، خۆراکێکی پاک و تەمیز و بەکەڵک نین بۆ موسڵمانانی ئەمڕۆ، ئەوەی ژیری و بیروباوەڕی ئەمڕۆ دەیەوێت تێیاندا نییە، بەڵکو بەشی زۆریشیان وەک خواردەمەنییەکی پیس و بۆگەن وان، کە هەر کەسێک بیانخوات وەک ژەهری مار بخوا وایە، لەبەر ئەوە ڕەوا نییە بۆ هەموو کەسێک مەبەست لە ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێک لێک بداتەوە، لە ڕۆژی هەینییاندا دوانی سەر دوانگە بخوێنێتەوە و بەقسەی پڕوپووچ مێشکی موسڵمانان پڕ بکات، هیچ دینێک نییە لە جیهاندا بەقەد دینی ئیسلام دەوڵەمەند بێت لە زانین و زانیاری و فەرموودەی بەرز و باڵاو ڕاستودروست لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام-بەداخەوە- کەسمان نییە ئاگای لێیان بێت و بە ڕێکوپێکی و ڕەوان و جوانی بتوانێت بیاندا بە گوێچکەی موسڵمانانداو، لەبەر ئەوە ئەم هەموو زانین و زانیارییە فەرموودەو فەرمایشتانە، شاراونەتەوە لێیان، ئەوەی دەدرێ بە گوێچکەکەیاندا بەشی زۆری پڕوپووچ و درۆ و دەلەسەن، وەک ژەهری مار وایە بۆ بیروباوەڕی موسڵمانان، هەر لەبەر ئەمەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆڵەو جگەرگۆشەی موسڵمانان بیروباوەڕیان تێک دەچێت و لە دین دوور دەکەونەوە(١٨).

## نووسینی تەفسیری قورئان بە زمانی کوردی و لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی چاکسازی

هەتا سییەکانی سەدەی ڕابردوو نووسینی تەفسیری قورئان بە زمانی کوردی جێگەی مشتومڕی ناوەندە ئایینییە تەقلیدییەکە بووە، وتاری ڕۆژانی هەینی مزگەوتەکان تەنیا بە زمانی عەرەبی بووە، لەو کاتەدا خاڵ پرۆژەی تەفسیرەکە دەست پێدەکات و بە زمانێکی کوردی پەتی زۆر بەرز، بۆ نووسینی تەفسیرەکەیشی ڕێبازی تەفسیری چاکسازی شێخ محەمەد عەبدەو شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزای خاوەنی تەفسیری (المنار) هەڵدەبژێرێت، قوتابخانەی تەفسیری چاکسازی یەکێکە

لەو قوتابخانە تەفسیرییانەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا، ئەم قوتابخانەیە هەوڵ دەدات نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای سەردەم لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام قورئانی پیرۆز و سونەتی ڕاستی پێغەمبەرەوە چارەسەر بکات، لەناو تەفسیرەکانیاندا جەخت لەسەر گەورەیی و بەرزیی ئیسلام دەکەنەوە کە لە توانایيدایە هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە لایەنە خراپ و لاوازەکانی بیرە نوێیەکان دەدەن، داوا دەکەن موسڵمانان ئەرکی خۆیان لەبەرانبەر ئایینەکەیاندا ڕاپەڕێنن، هەر یەک لە تەفسیری (المنار)ی شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزاو و تەفسیری (فی ضلال القرآن)ی سەید قوتب سەر بەو قوتابخانەیەن(١٩)، شێخ محەمەدی خاڵیش لە تەفسیری خاڵدا هەمان ڕێبازی ئەوانی گرتووە، دەکرێت بڵێین تەفسیری خاڵ تەفسیرێکی چاکسازییە.

### لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تەفسیری خاڵ

**یەکەم:** تەفسیرێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتییە کە بە (تفسیر اللون الأدبي والاجتماعي) ناو دەبرێت، ئەم جۆرە تەفسیرانە درێژکراوەی مەنهەجی تەفسیری (المنار) و (في ضلال القرآن)ـە، کە گرنگی بەلایەنی ئەدەبی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن لەبەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزدا(٢٠).

**دووەم:** پێکەوە گرێدانی تەفسیری قورئان و زانستی نوێ، بە سوود وەرگرتن لەو پێشکەوتنە زانستی و شارستانیەتییەی ڕۆژئاوا پێی گەیشتووە، هەروەها داوا کردن لە موسڵمانان کە بەشوێن بەدەست هێنانی زانستدا بڕۆن و هەوڵی بۆ بدەن، چونکە هیچ گەل و وڵاتێک بەبێ زانست و زانیاری پێش ناکەوێت.

**سێیەم:** گرنگیدان بە پرسەکانی لاوان و منداڵان و خێزان و ئافرەتان و پرسەکانی پەروەردە و پاراستنی مافەکان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەم ڕووەوە.

**چوارەم:** گرنگیدان بە ئاماژە کردن بۆ حیکمەتەکانی هەموو تەشریعاتە قورئانییەکان و هەموو تەشریع و قانوونێکی خوا فەلسەفەو حیکمەتی زۆر تێدایە، هەموویان بۆ خزمەتی مرۆڤ و بەرز بوونەوەیەتی لە دنیاو قیامەتدا(٢١).

**پێنجەم:** دوور کەوتنەوە لە ئیسرائیلیات و خورافەو شتی بێ سوودو پڕوپووچ و (مبهمات) لەناو تەفسیردا، کە لە تەفسیرە پێشووەکاندا شتی لەو جۆرە هەن(٢٢).

**شەشەم:** ڕاستکردنەوەی دیدوبۆچوونی هەڵەی موسڵمانان لە رووی ڕەوشت و عەقیدەو خواپەرستییەوە کە لەو بوارانەدا زۆر شتی نابەجێ تێکەڵاوی ئایینداری موسڵمانان بووبوو(٢٣).

**حەوتەم:** گرنگیدان بەبابەتەکانی ئیعجازی قورئان بە سوود وەرگرتن لە بیردۆزەو هەقیقەتە زانستییەکانی سەردەم و گرێدانی لەگەڵ تەفسیری قورئاندا(٢٤).

**هەشتەم:** کەمتر چوونە ناو جیاوازییە فیقهییەکان و گرنگی نەدان بەو بوارە.

**نۆیەم:** بەراورد کردنی بیروباوەڕی ئیسلامی لەگەڵ بیرە نوێیەکانی وەک سۆشیالیستی و دیموکراتی و بیروبۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسان و دەرخستنی ڕاستی و بەرزی ئیسلام لە بەرانبەریاندا(٢٥).

### گرنگیدانی بە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری نوێ

یەکێکی تر لە داهێنان و هەوڵە نوێخوازەکانی شێخی خاڵ گرنگیدانی بووە بە بواری ئەدەب و زمان، خاڵ یەکەم کەسە لە کورددا فەرهەنگی کوردی کوردی دەنووسێت و شرۆڤەی هەزاران وشەی کوردی دەکات، فەرهەنگی خاڵ هەتا ئێستا شاکارەو خزمەتێکی گەورەی بە زمانی کوردی کردووە، وەک خاڵ خۆی لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی پێدەکات لە ژێر کاریگەری تێز و نووسینەکانی جەمالەددینی ئەفغانیدا لای بەلای زمانی کوردی و فەهەنگ نووسیندا کردووەتەوەو لەو بارەیەوە دەڵێ: بێ گومان هەموو ئادەمیزادێکی ڕێک و ڕاساڵ گەلی خۆی خۆش دەوێت، حەز بەسەربەرزی و مانەوەی دەکا، بەڵام هۆی بنەڕەتی کاریگەر لە جیهانی ڕۆشنبیری مندا نووسینەکانی (جمال الدين)ی ئەفغانی بوو، کە یەکەم بڵێسەی ڕوونکردنەوەی بیرم بوو، چ لە گۆڤاری (العروة الوثقى)دا، یان وتە جەمالییەکانی کە بەفارسی دەینووسین. لەو وتارانەدا بەرچاوم کەوت کە زمان گیانی میللەتە، کە زمان بوو، گەل هەیە کە نەبوو نییە، ئەو دوو ڕستە ڕایانچڵەکاندم و بێداریان کردمەوە، تا ئەو کاتەش ئێمە خاوەنی فەرهەنگ نەبووین، بەو شێوەیە گۆڤاری (العروة الوثقى) کە جەمالەددین بەڕێوەبەری بوو، شێخ محەمەد عەبدە سەرنووسەری بوو، بۆ دەرکردنی، شوقەیەکیان لەپاریس بۆ گرتبوو، هەوێنی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریم بوو، وەک هەزارانی وەک منی بێدار کردبووەوە، گۆڕانێک بوو بەسەر هەست و بیرما کە چۆن

سوود وەربگرم و سوود ببەخشم(٢٦).
شێخی خاڵ لێرەدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی جەمالەددینی ئەفغانیدا لای بەلای زمان و فەرهەنگ نووسیدا کردووەتەوەو گرنگی و گەورەیی زمانی بۆ دەرکەوتووە، هەر لەبەر گرنگی زمانە لەمانەوەو پاراستنی نەتەوەدا خاڵ دەستی داوەتە نووسینی فەرهەنگی خاڵ و بەو هەنگاوەیشی خزمەتێکی گەورەی بە زمانی کوردی و داهێنانێکی گەورەی کردووە(٢٧).

مامۆستا خاڵ بێجگە لە فەرهەنگەکەی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا، نووسینی بەپێزی زۆرە، لەبارەی زۆرێک لە شیعر و شاعیرانی کوردەوە وتاری بە نرخی نووسیوە، وەک بابا تاهیری هەمەدانی و پیرەمێرد و مەلا محەمەدی خاکی و شێخ ڕەزانی تاڵەبانی و زۆر شاعیری تر، لێکۆڵینەوەی لەسەر دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کردووە، چەندین پەندی پێشینانی کوردی کۆکردووەتەوە و شرۆڤەی کردووە و لە چاپی داوە، هەموو ئەمانە بەڵگەی گەورەن لەسەر گرنگیدانی ئەو زانا بەهرەمەندە بە زمان و ئەدەبی میللەتەکەی.

### گرنگیدانی خاڵ بە ڕۆژنامەو گۆڤار

سەرچاوەی ئیلهامی کارو پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی شێخ محەمەدی خاڵ نووسین و ڕێبازی زانستی هەریەک لە جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەیە، جەمالەددینی ئەفغانی لە کاتێکدا گۆمی مەنگی جیهانی ئیسلامی دەشڵەقێنێت کە گەلانی موسڵمان و لەوپەڕی دواکەوتوویی و بێ ئاگاییدا بووە، دەوڵەتی عوسمانی لە کەنارەکانی لاوازی و داڕووخاندا بووە، ئیستعماری ڕۆژئاوایی لە سەرەتای هاتنیدا بوو بۆ جیهانی ئیسلامی و گەلانی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لێواری دەرچوونیاندا بوون لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەتایبەتی لە وڵاتی میسردا، لەم کاتەدا جەمالەددینی ئەفغانی زۆر بە پێویستی دەزانێت کە کاری جددی بکرێت بۆ بێدار کردنەوەی گەلانی موسڵمان و ڕۆشنبیرکردنیان دەربارەی مافەکانیان و سنوورەکانی دەسەڵات، لەو کاتەدا جەمالەددینی ئەفغانی ڕێگای ڕووناکبیری و پەروەردەی بە تاکە ڕێگای ڕزگاری گەلانی موسڵمان دەزانی، بۆ ئەم مەبەستەیش چەند هەنگاوێکی ناوە، سەرەتا لە ڕێگای وتارە ئاگرینەکانییەوە هەوڵی داوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بە تایبەتی دوای چوونی بۆ میسرو پشتگیری کردنی لەلایەن ڕیاز پاشاوە، کە لەو کاتەدا خۆی بە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی نەدەزانی(٢٨).

کاری زانستی جەمالەددینی ئەفغانی لە میسر لە دوو بواردا بووە، یەکەم ئەو دەرسە زانستییانەی کە لە ماڵەکەی خۆیدا لە (خان الخليلي) پێشکەشی دەکردن بۆ کۆمەڵێک لە زانایانی ئەزهەر، وەک (الشيخ محمد عبده والشيخ عبدالكريم سلمان والشيخ ابراهيم اللقاني والشيخ سعد زغلول والشيخ ابراهيم الهلباوي) دەرسەکانی لەسەر کۆمەڵێک کتێبی فەلسەفی و تەصەوفی بوو، کتێبەکان ئەوەندە گرنگ نەبوون، بەڵام شرۆڤەکردنەکەی ئەفغانی کە بە زمانێکی سەردەمی ئامانجدار بوو گرنگی کردبوون(٢٩).

قوتابخانەی نارەسمی دووەم کە دەرسەکانی تێدا دەوتەوە، ماڵەکەی خۆی بوو کە زۆرترین سوود و کاریگەری هەبوو، یان لە کاتی سەردانی کردنی بۆ لای پیاوە کاربەدەستەکانی لە ماڵەکانی خۆیاندا، هەروەها بۆ ڕۆشنبیران و ڕووناکبیران کاتێک لێی کۆدەبوونەوە لە (قهوة البوستة) و خەڵکی بەگشتی لە کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا.

ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەم دەرسانەی دەکرد، زیاتر توێژی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیران بوون وەک: (محمود سامي البارودي، عبدالسلام المويلحي و ابراهيم المويلحي)، لە توێژی لاوانیش وەک: (محمد عبدو ابراهيم اللقاني وسعد زغلول وعلي مظهر وسليم نقاش وأديب اسحاق و...تاد) کەسانی تر(٣٠).

جەمالەددین لە میسر ئامانجی ئەدەبی گۆڕی و لەو بوارەدا هەنگاوێکی گەورەی نا، لە پێش ئەودا ئەدەب ئەدەبێکی ئەرستۆکراتی و دەربار بوو، کاری تەنیا پێداهەڵدانی پیاوانی دەسەڵاتدار و کۆشکەکان بوو، هیچ باکی بە خەمەکانی میللەت و کێشەکانیان نەبوو، باسی ستەم و کارە خراپەکانی دەسەڵاتدارانی نەدەکرد، بە پێچەوانەوە زۆرجار کارە خراپ و ستەمکارییەکانی ئەوانی جوان دەکرد، جەمالەددین ئەدەبی لە ئەدەبێکی دەربارو بێ مەبەستەوە کردە ئەدەبێک لە خزمەت مافی گشتیدا بێت و میللەت و گەلان دەربارەی مافەکانیان هۆشیار بکاتەوە، هەروەها دەرخستنی لایەنە خراپ و دزێوەکانی دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات(٣١).

جەمالەددین زۆر باوەڕی بە کاریگەری نووسین و ڕۆژنامە هەبووە لە چاکسازی و هۆشیارکردنەوەی گەلاندا، بۆیە بەردەوام هانی نووسەرانی دەدا لە (الوقائع المصرية)

و هاوشێوەکانیدا گوتار بنووسن، بەتایبەتی بابەتی زیندوو کە باس لە گرفتەکانی میللەت بکات، لەو نێوەندەدا زۆرێک لە نووسەران بەشدارییان کرد، ئەدیب ئیسحاق زنجیرە گوتارێکی نووسی لەژێر ناوی (ئەوروپا و ڕۆژهەڵات) باسی لەوە دەکرد کە ڕۆژهەڵات دوای ئەو پاشکەوتنەی دەتوانێت پێش کەوێت، دەکرێت دوای داگیرکردنی لەلایەن داگیرکەرانەوە جارێکی تر ڕزگاری ببێت.

هەر لەو بارەیەوە زۆر هانی ئەدیب ئیسحاقی دا ڕۆژنامەیەک دەربکات بەناوی (مصر)ەوە، خۆی نەخشەی بۆ دارێژاو بەناوی خوازراوی (مظهر بن وضاح) گوتاری بۆ دەنووسی، داوای لە شێخ محەمەد عەبدەیش کرد گوتاری بۆ بنووسێ، پاشان داوای لە ئەدیب ئیسحاق کرد بچێتە ئەسکەندەرییەو ڕۆژنامەی (التجارة) دەربکات، جەمالەددین و شێخ محەمەد عەبدەو ئیبراهیم اللقانی و کەسانی تر گوتاریان بۆ ئەو دوو ڕۆژنامەیە دەنووسی، لەماوەیەکی کەمدا برەو و ناوبانگیان پەیدا کردو خوێنەرێکی زۆریان هەبوو، سرنجی خوێنەرانیان بە ڕێبازی نوێیان ڕاکێشا، بۆیە ڕیاز پاشا هەردوو ڕۆژنامەکەی داخست(٣٢).

یەکێک لە گەورەترین قوتابییەکانی جەمالەددین، شێخ محەمەد عەبدەیە کە لەدوای خۆی ئالای زانست و ڕۆشنبیرکردنی گەلی هەڵگرت، تەنانەت سەرقاڵ بوونی بە سیاسەتەوە لە (العروة الوثقى)دا بە خواستی خۆی نەبووە، بەڵکو لەبەر دڵی جەمالەددین بووە وەک خۆی باسی دەکات، عەبدە لە کاتێکدا لە بەیرووت بوو، خۆی تەنیا بۆ کاری زانستی و ڕۆشنبیری تەرخان کردبوو، لەکاتی گەڕانەوەیشی بۆ میسر داوای کرد بیکەنە مامۆستا لە (دار العلوم)، یان سەرپەشتیار، بەڵام کردیانە قازی، محەمەد عەبدە ڕای وایە دەبێت گەل ڕۆشنبیر و هۆشیار بکرێتەوە دوای ئەوە سەربەخۆیی بەدەست دەهێنێ، بۆیە زۆر بە لە سەرخۆیی کاری زانستی و ڕۆشنبیری کردووە، خۆی لە قەرەی کاری سیاسی نەداوە تەنیا ئەو ڕێبازەی بە ڕێگای چاکسازی و گۆڕانکاری زانیوە(٣٣).

دوای نیشتەجێ بوونی جەمالەددین لە پاریس شێخ محەمەد عەبدە پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی سەرکردە دروست بکەن، بۆ ئەو مەبەستە کەسانی بەتوانایی و ڕۆشنبیری دڵسۆز بۆ ئایینەکەیان هەڵبژێرن و لەسەر ئەو ڕێبازە چاکسازییە پەروەردەیان بکەن، هەتا بتوانن لەماوەی دە ساڵدا کۆمەڵێک سەرکردەی چاکسازی ڕەوانەی وڵاتانی ئیسلامی بکەن، بەڵام سەید جەمالەددین بەو پێشنیارە ڕازی نابێت، نەخشەی گۆڤاری (العروة الوثقى) دادەڕێژێت، سەید خاوەنی بیرو شێخ محەمەدە سەرنووسەر و میرزا محەمەد باقر گوتاری ڕۆژنامە بیانییەکان دەکات بەعەرەبی، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییەوە هەیە، هەژدە ژمارەی لێ دەردەچێ، ئەو گۆڤارە لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان بڵاودەبێتەوە و کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی گەلانی موسڵمان دەکات تا ئەرکی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان ڕابپەڕێنن و چیتر لە بێ ئاگایی و دواکەتن و ژێر دەستەییدا نەژین(٣٤).

شێخی خاڵیش درێژکراوەی ئەو قوتابخانەیەو ئیلهامی کارەکانی لەوان وەرگرتووە، بۆیە ڕوو دەکاتە جیهانی ڕۆشنبیری و بەشێوەیەکی چالاک و کارا دەست بەکاری ڕۆژنامەنووسی دەکات، لەو ڕێگەیەوە هەوڵ بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی میللەتەکەی دەدات، هەر لە کاتی دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا لە ساڵی ١٩٣٩ز، خاڵ زۆر چالاکانە دەست بە بڵاوکردنەوەی بیرە چاکسازی و نوێخوازەکانی دەکات، لە ڕێگەی گۆشە بەردەوامەکەی (تەفسیری قورئان)و هەموو ژمارەیەک تەفسیری ئایەتێک دەکات لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی چاکسازی شێخ محەمەد عەبدەو دەیەوێت باری لاری میللەتەکەی لەو ڕێگەیەوە ڕاست بکاتەوە(٣٥).

بێجگە لە تەفسیری قورئان، خاڵ دەیان وتاری ڕۆژنامەنووسی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و (بڵێسە)و (ڕۆژی نوێ) و (ژین) و (ژیان) و (هیوا) و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆیدا بڵاو دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا خاڵ حوجرەی مزگەوتەکەی دەکاتە جێگەی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و کۆڕی ئەدەبی و جێگەی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و ڕووناکبیر و نووسەران، بەو هیوایەی لە ڕێگەی ئەوانەوە گەلەکەی بێدار و هۆشیار بکاتەوە و لە دەردی نەزانی ڕزگاریان بکات، خاڵ بڕوای وابووە لە دوای هۆشیاربوونەوە و بێداربوونەوەی گەل ئەوکاتە دەتوانێت هەنگاوی سەربەخۆیی سیاسی بنێت و لەدەست داگیرکەران ڕزگاری ببێت.

### هەوڵدانی بۆ گۆڕینی مەنهەجی خوێندنی ئایینی

شێخی خاڵ لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەشێوازی

زانایانی ئایینی پێش خۆی دوای تەواوکردنی خوێندن، دەست دەکات بە نووسینی حاشییە لەسەر کتێبەکانی خوێندنی ئایینی و وتنەوەی دەرس بە فەقێیان، بەڵام دوای ئەوەی لەسەرەتای سییەکانەوە تێکەڵاوی بیری قوتابخانەی چاکسازی دەبێت، ئیتر واز لەو ڕێبازە دەهێنێ و خۆی بۆ کاری ڕۆشنبیرکردن و بێدار کردنەوەی میللەتەکەی تەرخان دەکات و واز لە شێوازەکەی پێشووی دەهێنێ و هیوای بەوە نەبووە ئەو شێوازەی پێشوو لە ئاستی سەردەمی نوێدا بێت و بتوانێت کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەبێت.

شێخی خاڵ خۆی ناتوانێت مزگەوت و حوجرەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، هەتا بتوانێت چەند مەلایەکی ڕۆشنفکری وەک خۆی پەروەردە بکات، لە هەمان کاتدا لە هەوڵی گۆڕینی مەنهەجی خوێندنیشدا سەرکەوتوو نابێت، هەرچەندە لەو مەیدانەدا زۆر بەتوندی دژی ئەو ڕێبازە کۆنە بوو فەقێی کوردستان سەدان ساڵ بوو لەسەری بەڕێوە دەچوون، بەگەرمی داوای لەمەلاکان دەکرد ڕێگایەکی نوێی پێخوێندن بگرنەبەرو فەقێکانی لە خوێندنی پێ نزیک بخەنەوە، بەڵام لەو مەیدانەدا سەرکەوتوو نابێت، بۆیە ناچار بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ دەدات لە کاتی تاقیکردنەوەی دەرچوونی حوجرەو خوێندنی ئایینی بۆ پێشنوێژی و وتاربێژی کە خۆی سەرۆک و ئەندامی لیژنەی تاقیکردنەوەکە بووە پرسیاری وەهای دادەنا کە قوتابییان ناچار بکات کتێبی تازەو شتی نوێ بخوێننەوە، هەتا بتوانێت لەو ڕێگەیەوە سرنجیان بۆ شتی نوێ ڕابکێشێ و بیریان ڕووناک بکاتەوەو بە خۆیاندا بچنەوەو ئاگاداری شتی نوێ بن(٣٦).

**پەراوێزەکان**

**١- بڕوانە: عمر علی محمد، الشیخ محمد الخال مفسرا، الطبعة الأولى ٢٠٠٥م، السلیمانیة، وفي الاصل رسالة ماجستير قدم الى جامعة صلاح الدين، اربيل، ص١٤.**

**٢ - بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥-٦ ساڵی دووەم، مایس و حوزەیران، ساڵی ١٩٤١دا ژمارەکانی دواتر.**

**٣ - بڕوانە: عبدالعزیز بن عبدالرحمن الضامر، بحث بعنوان: التفسير الاذاعي للقرآن الكريم، مجلة الامام الشاطبي، العدد الاول، ربيع الآخر ١٤٢٧هـ، ص ١٣٣ وما بعدها.**

**٤- شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، ل٢٣٤.**

**٥- شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، ل٢٥٨.**

**٦- محەمەدی مەلا کەریم، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆڕی تازەکردنەوەی بیری موسڵمانەتیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دووەم، ١٩٩٠، ل٣٣٨.**

**٧- شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، ل٢٣٣-٢٣٤.**

**٨- دەربارەی گەشەکردنی بیری چەپ و عەلمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لەناو توێژی ڕۆشنبیرانی کورددا بڕوانە: برایم جەلال، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چاپی دووەم ٢٠١٢ز، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ل١٩ بەدواوە.**

**٩- شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، چاپی دووەم ١٤٣١ک ٢٠١٠ز، چاپخانەی کەمال- سلێمانی، جزمی یەکەم، ل٥.**

**١٠- شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، ل٣٣٥.**

**١١- بڕوانە: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم، ٢٠٠١ز- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، بەرگی دووەم، ل ٢٥٧-٢٥٨.**

**١٢- بڕوانە: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، ل ٢٥٨، هەروەها د.عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى ١٤١٠هـ ١٩٨٩م، بغداد، ص ١١ وما بعدها.**

**١٣- بێکەس، دیوانی بێکەس، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ز، سلێمانی، ل١١٥-١١٦.**

**١٤- قانع، دیوانی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی پێنجەم، چاپخانەی دالاهۆ، تاران، ل ١٧٧-١٧٨.**

**١٥- پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا، چاپی دووەم ٢٠٠٩ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، بەرگی یەکەم، ل ٣٣١-٣٣٥.**

**١٦- محەمەدی مەلا کەریم، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆڕی تازەکردنەوەی بیری موسڵمانەتیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دووەم، ١٩٩٠، ل٣٣٧-٣٣٨.**

**١٧- شێخ محەمەدی خاڵ، مەولوودنامەی نەوئەسەر، یان تاریخی پێغەمبەر، چاپی دووهەم، ١٣٩٢ک ١٩٧٢ز، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، ل٤.**

**١٨- شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل ٢٣٣-٢٣٤.**

**١٩- بڕوانە: الدكتور فضل حسن عباس، المفسرون مدارسهم ومناهجهم، الطبعة الاولى ١٤٢٧هـ ٢٠٠٧م، دار النفائس، الاردن، ص٣٠ وما بعدها، هەروەها: الدكتور عبدالغفور محمود**

مصطفى جعفر، التفسير والمفسرون في ثوبه الجديد، الطبعة الاولى ١٤٢٨ - ٢٠٠٧م، دار السلام- القاهرة، ص٦٢٩ وما بعدها. پێگەی: ملتقى أهل التفسير، محمد الجابري، مقالة بعنوان: الاتجاهات المعاصرة في التفسير، //:http .www.tafsir.net

٢٠- بڕوانە: د، محمد حسين الذهبي، التفسير والمفسرون، الطبعة الأولى ١٤٢٦هـ ٢٠٠٥م، دار الحديث القاهرة، م٢ ص٤٧٨ وما بعدها.

٢١- بڕوانە: الدكتور محمد السيسي، المدرسة السلفية في التفسير في العصر الحديث، الطبعة الاولى ١٤٣١هـ ٢٠١٠م، دار السلام- القاهرة، ص ٩٠=٩١.

٢٢ - بۆ نموونە سەيرى: شێخ محەمەدى خاڵ، تەفسيرى خاڵ، جزمى يەكەم، ل١٩٨ بكە.

٢٣- بۆ نموونە سەيرى: شێخ محەمەدى خاڵ، تەفسيرى سورەتى فاتيحە، چاپى دووەم ١٩٩٨ز، چاپخانەى محەمەدى- سەقز، ل١٣ بكە.

٢٤- بۆ نموونە سەيرى: شێخ محەمەدى خاڵ، تەفسيرى خاڵ، جزمى بيست و نۆهەم، چاپى يەكەم ١٩٨٦، چاپخانەى (الحوادث) بەغدا، ل ٧بەدواوە بكە.

٢٥- بڕوانە: عمر علي محمد، الشيخ محمد الخال مفسرا، ص ١٧٢-١٧٣-١٧٤.

٢٦- شێخ محەمەدى خاڵ، لەسەر گوزشتەكانى ژيان، چاپى يەكەم ١٤٢٨ك-٢٠٠٧ز، لەبلاوكراوەكانى پرۆژەى تيشك- سلێمانى، ل٨.

٢٧ - يەكێك لەو ڕەخنانەى لە خوێندنى ئايينى و حوجرەكانى كوردستان دەگيرێت، ئەوەيە كە بەهيچ جۆرێك لاى بەلاى زمانى كورديدا نەكردووەتەوە، تەنيا خزمەتى زمانى عەرەبى كردووە، تەنانەت مەلاى كورد خەريكى خوێندنى زمانى فارسى بووەو گرنگى پێداوە ئەوەى كە پشتگوێ خراوە تەنيا زمانى كوردى بووە، ئەم ڕەخنەيە تا ئاستێك و لە سياقێكى مێژووييدا ڕاستە، بەلام زانايەكى ئايينى وەك شێخى خاڵ كە دەرچووى هەمان مەنهەج و ناوەندى خوێندنە بە فەرهەنگى خاڵ و نووسينەكانى ترى ئەو بۆشاييە پڕ دەكاتەوە و ئەو مێژووە ڕاست دەكاتەوە. لەم بارەيەوە بڕوانە: ئازاد عەبدولواحيد، محەمەدى مەلا كەريم وچانێك لەبەردەم وێستگەكانى تەمەن و نووسيندا، چاپى يەكەم ٢٠١٢ هەولێر، ل ٢٨-٢٩.

٢٨- بڕوانە: احمد أمين، زعماء الاصلاح في العصر الحديث، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر، دار الكتاب العربي، بيروت- لبنان، ص ٦٨.

٢٩- بڕوانە: الشيخ محمد فاضل ابن عاشور، التفسير ورجاله، الطبعة الاولى ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، دار السلام- القاهرة، ص ١٦٦-١٦٧.

٣٠- بڕوانە: احمد أمين، زعماء الاصلاح في العصر الحديث، ص ٦٤-٦٥.

٣١ - بڕوانە: شێخ محەمەدى خاڵ، ناڵەى دەروون، ل ٢٧٩-٢٨٠.

٣٢- احمد امين، زعماء الاصلاح في العصر الحديث، ص ٦٩.

٣٣- عباس محمود العقاد، عبقري الاصلاح والتعليم الاستاذ الامام محمد عبده، الطبعة الثانية، مكتبة مصر، القاهرة، ص ١٤٠-١٤١.

٣٤- احمد امين، زعماء الاصلاح في العصر الحديث، ص ٨١-٨٢.

٣٥- دەربارەى تەفسيرى قورئانى پيرۆز لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا كە بە (منهج المقال التفسيري) ناودەبرێت، يەكێكە لە داهێنانەكانى قوتابخانەى چاكسازى جەمالەددين و شێخ محەمەد عەبدە، گوتارەكانى جەمالەددين لە (العروة الوثقى)دا سەرەتاى ئەم جۆرە تەفسيرەن، لە دواى ئەويش هەر يەك لە شێخ محەمەد عەبدەو محمد ڕەشيد ڕەزا لە گۆڤارى (المنار)دا ئەو هەنگاوەيان ناوە، لە كوردستانيش شێخ محەمەدى خاڵ يەكەم كەسە گوتارى ڕۆژنامەنووسى تەفسيرى قورئانى نووسيوە. بڕوانە: الدكتور محمد ابراهيم شريف، اتجاهات التجديد في تفسير القران الكريم، الطبعة الأولى ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، دار السلام - القاهرة، ص ٣٣٧- ٣٣٨.

٣٦- بڕوانە: محەمەدى مەلا كەريم، مامۆستا شێخ محەمەدى خاڵ لە كۆڕى تازەكردنەوەى بيرى موسڵمانەتيدا، گۆڤارى كۆڕى زانيارى كورد، بەرگى بيست و يەكەم و بيست و دووەم، ١٩٩٠، ل٣٤١.